مانیفێستی ئازادیی کوردستان پرۆگرامی "پارتی ئازادیی کوردستان"

پەسندکراوی کۆنگرەی یەکەم، کۆنگرەی "سەقامگیرکردنی پرێنسیپە نەتەوەییەکان"

پێناسە و پێشەکی:

کوردستان نیشتمانی کوردە و پێنجسەد هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەیە. لە سەرەتای سەدەی بیست و یەکی زایینیدا، حەشیمەتی دەگاتە چل ملیۆن کەس و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە باری رێژەی حەشیمەتەوە پاش عەرەب دووهەم نەتەوەیە.

کوردستان بە پێی سیاسەتی دەوڵەتە مەزنەکانی جیهان، بێڕەزامەندی نەتەوەی کورد، بە دوو قۆناخی جیاواز، لە نێوان 4 دەوڵەتی عێراق، ئێران، تورکیا و سووریادا دابەش و داگیرکراوە. جاری یەکەم پاش شەڕی "چاڵدێران" لە نێوان دوو ئیمپراتۆری سەفەویی و عوسمانیدا بە کردەوە دابەشکرا. ساڵی 1639 ئەو دابەشکردنە بە پێی "رێککەوتنی زەهاو" بوو بە فەرمی و نەتەوەی کورد نیری کۆیلەتی ئەو دوو دەوڵەتەی خرایە مل. جاری دووهەم پاش برانەوەی شەڕی جیهانی یەکەم ساڵی 1923 بە پێی رێککەوتننامەی "لۆزان"، دابەشکرایەوە، پارچەی ژێردەستی ئێران وەک خۆی مایەوە و پارچەی بندەستی عوسمانی بە سەر دەوڵەتەکانی تورکیا، عێراق و سوریادا، دابەشکرا.

سەرەڕای ئەوەی کوردستان لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا دابەشکرا، هیچکامیان دانیان بە بوونی خاکێک بە ناوی کوردستان دانەنا و بەمجۆرە کوردستانی دابەش و داگیرکراو تەنانەت حیسابی وڵاتێکی کۆلۆنی کراوی ئاسایی

بۆ نەکرا. دەوڵەتی تورکیا حاشای نەک هەر لە "کوردستان" بەڵکوو لە کوردیش کرد و بە "تورکی کێویی" ناو دێری کرد. ئێرانییەکان کوردیان بە یەک لە" ئەقوامی ئێران" و "لقێک" لە فارس دانا. دەوڵەتی عەرەبی سووریا نەک هەر دانی بە بوونی کورد و کوردستاندا نەنا، بەڵکوو مافی ناسنامەی دەوڵەتی سووریاشی نەدانێ. لە عێراقدا، لە کاتی دروستبوونی ئەو دەوڵەتەدا، حکومەتی ناوەندی دانی بە بوونی کورددا نا.
هەروەها لە دەستووری کاتی 1970دا، "گەلی عێراق" پێکهاتوو لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کورد، پێناسە کرا، بەڵام هاوکات عێراق بە بەشێک لە نەتەوەی عەرەب دانرا. هەر بۆیە عێراقییەکان، کوردستان بە "باکووری عێراق" ناو دەبەن. لە یەک وشەدا کوردستان و کورد بە فەرمی بە نەبوو دانران و لەسەر نەخشەی سیاسیی جیهان سڕانەوە!

کورد نەتەوەیەکی کەونارایە و لە پێکهێنانی ژیاری و شارستانییەت و داهێنانی ئەندێشەی مرۆڤایەتی بۆ کۆمەڵگای بەشەری، سەربەخۆ و لەگەڵ گەلانی دیکە بەشداریی کردووە.

کورد خاوەنی زمان، کولتوور، فەرهەنگ، هونەر و داب و نەریتی سەربەخۆیە. نیشتمانی کورد جوغرافیایەکی یەکگرتووی دانەبڕاو بەیەکەوەیە و ئابوورییەکەی لە هەموو پارچەکاندا بە گەشەنەکردوویی ماوەتەوە.

داگیرکەرانی کوردستان بۆ بە کۆلۆنیی هێشتنەوە و لە ناوبردنی یەکجاریی کوردستان، کانگاکانی کوردستانیان تاڵان کردووە، داهات و وزە و هێزی کوردیان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە و نەتەوەی کوردیان لە هەر چەشنە دەسەڵاتێکی سیاسی و ئابووری، بێبەش کردووە. لەو هەلومەرجەدا یەکێتی نەتەوەیی کورد کەوتووەتە مەترسییەوە؛ بە چەشنێک کە سیاسەتی ئاسیمیلەکردنی ئەم نەتەوەیە لە لایان داگیرکەرانی کوردستانەوە لە هێندێ شوێنی کوردستاندا سەرکەوتوو بووە.

بەشێکی بەرچاو لە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد بە پێی سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکان لە کوردستان دوور خراونەتەوە و لە شوێنگەلی دوور لە کوردستان، یان لە میترۆپۆلەکان نیشتەجێ کراون. بۆ نموونە بەشێک لەو کوردانە لە سەردەمی پاشاکانی تورک، بەتایبەتی شاسمایل و شاعەباس سەفەوی ، بۆ رۆژهەڵاتی ئێران و بۆ پارێزگەی خۆراسان راگوێزراون. بەشێکی دیکەش بۆ باکووری ئێران دوور خراونەتەوە. لە تورکیا ئەو سیاسەتە توندتر بەڕێوە چووە.

سیاسەتی کۆمەڵکوژی، بێسەروشوێنکردن و سڕینەوەی مۆرک و شوێنەواری کورد، بە دەست دەوڵەتەکانی تورک و روس و ئێران و عەرەب لە پاش شەڕی چاڵدێرانەوە، بە ملیۆنان کوردی لە نێوبردووە: لە شەڕی چاڵدێرانەوە تا 3 سەدە دواتریش هەموو شەڕ و پێکدادانەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانییەکان لە سەر خاکی کوردستان و زۆر جار بەخەرج و خوێنی کورد روویانداوە. هێرش بۆ سەر قەڵای دمدم، کوشتارەکەی ناسراو بە موکری قڕان و قەڵاچۆی عێلی مەنگوڕ، کوشتارەکانی سەردەمی قەجەرەکان، کوشتاری کوردان لە جەرگەی شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایان هێزەکانی رووس و عوسمانییەوە و کوشتارەکەی 1915 و 1916، راگوێزانی ئەو 700 هەزار کوردەی بە فەرمانی سوڵتانی عوسمانی لەو ساڵانەدا، نیوەیان لە سەرمان و لە برسان قڕیان هات، قات و قڕییەکەی شەڕی یەکەم کە بە هەزاران کوردی لە نێو برد، هێرشەکانی سوپای تورکیای ئەتاتورک و ئێرانی رەزاخان بۆ سەر کوردستان و لە سەردەمی نوێدا زیان و خەسارەتە مرۆڤییەکانی پیلانی ئەلجەزایر و شەڕی ئێران- عێراق و کوژرانی هەزاران کورد لە پەلامارەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان، گرتن و کوشتنی هەزاران کورد لە رۆژاوای کوردستان بە دەستی رێژیمی سوریا، کوشتاری کوردان لە باکووری کوردستان لە چارەگە سەدەی رابردوودا و 182000 ئەنفالکراوی گەرمیان و 8200 بارزانی و 5000 فەیلی و کیمیابارانی حەڵەبجە و سەردەشت و ناوچەکانی دیکە بە دەستی رێژیمی بەعسی عێراق، ئەو کارەساتانەیە کە بە سەر هیچ نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە بەم تەرزە نەهاتووە. ئەم کارەساتانە ئاکامی کۆلۆنی بوون و سیاسەتی تەفر و تووناکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و سڕینەوەی خاکەکەی لە سەر نەخشەی جیهان بووە . سیاسەتی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی